# خه ون و خه یاڵ

نووسه ر : یه ڵماز گۆنه ی
وه رگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف
Renas caf@yahoo.com

منداڵ ئه و ده مه ی به وه ر ده م كه لاوه كۆنه ێیک دا تێده په ڕێ كه دیواره كه ی له چه ن سووچه وه درزی تێ ببوو، توندێ خۆی به سینگی باوكییه وه ده نووسێنێ و سفت و سۆڵ ده ستی خۆ له نێو ده ستی باوكی ده نێ . باوك خێرا هه ستی به وه كرد منداڵ له شتێ ترساوه. منداڵ كه توندێ ده ستی ده نێو ده ستی باوكی نابوو، ئارام و هێواشێ وتی : باوه!... ئه م ماڵه تاپۆ و تارمایی تیا نییه ! باوك له ترسی نێو ده نگی كوره ،خه م دایگرت و پرسی : تارمایی ؟ ... كامه تارمایی كوڕم؟... منداڵ وتی : ئیدی تارمایی... موراد ئه یوت . موراد كوڕی مجێوری مزگه وت بوو. باوك ساتێ ڕاوه ستا. له ته نیایی و چۆڵ و هۆڵی ئێواره دا، په ره سێلكه به سه ر بانی كه لاوه كۆنه كه وه نیشتبوونه وه . كابرا به نیگا و ڕوخساری كوره یدا ، ترسێكی به دی ده كرد كه هه تا ده هات زێتر خۆی ده نواند .به ده م پێكه نینه وه وتی : كوڕم بڕوا به م قسه پڕ و پووچانه مه كه ،تارمایی و مار مایی هه مووی درۆیه ، ئه وه ند خۆتی پێوه سه رقاڵ مه كه .

ئاخر باوه گیان دیویانه !...

كێ دیویه ؟...

باوكی موراد دیویه... ئه ڵێ : "به ده ور و به ری ئه و كه لاوه كۆنه دا یاری و كایه مه كه ن، تارمایی تیایه، دێ و ئه تانخوا ... هه ڵتان ئه لووشێ ...

ئیدی ئێمه ش ناوێرین بچین بۆ ئه و ناوه.

كوڕم باوكی موراد ئه م قسانه تان بۆ ده كات هه تا بتانتۆقێنێ.

ده جا له به ر چی ده بێ بمانترسێنێ؟

باوك وتی : بنواره كوڕم !... ئه مه كه لاوه كۆنه ێیكه به دیواری داته پیو و نیوه ڕووخاوه وه . ئه وه ند ناكرێ متمانه ی پێ بكه ی، هه ر ئه وه نده ت زانی ڕه شه باێیك هه ڵیكرد و ڕووخاندی ...

باوكی موراد ترسی له وه یه كاتێ ئێوه له وێ ،خه ریكی یاری و گه مه ن ، له پڕێك دیواره كه داته پێ ، ئه و ده م چ ده بێ ؟ ده جا دیاره ! هه ر ئه وه نده تان زانی ، بوون به ژێر ته پكه خاكه وه . له به ر ئه وه ی ئێوه

نە چن بۆ ئە و ناوە، ئە و جۆرە قسانە ی کردووە . ئە گینا تارمایی و ئە م جۆرە قسانە فڕییان بە سە ر حە قیقە تە وە نییە .
منداڵ کاس و وڕ ، چاوێکی لە کە لاوە کۆنە کە و چاوە کە ی تریشی لە باوکی بوو .

بە لاّم باوکە ... خۆ مورادیش دیویە...
موراد درۆی پێ وتوون ، بۆ خۆی هە ڵیبە ستووە ...
دە ئاخر بۆ دە بێ درۆمان پێ بڵێ... بۆچی لە خۆڕا شتی وا ساز بکات ؟
کوڕم کاتێ شتێ فڕی بە سە ر حە قیقە تە وە نە بێ، بێژێ دیومە ، ئە مە ئە بێتە دە ستکرد و بۆ خۆ هە ڵبە ستن و ساز کردن .
جا بۆ ئە وە ی ترسی کوڕە بڕە وێتە وە و ئە و ترسە ی لە کۆڵ بکە وێ وتی : من گە رە کمە بچمە نێو ئە و کە لاوە کۆنە و سوورێکی تێدا بخۆم و هە موو سووچ و قوژبنێکی جوان جوانێ بگە ڕێم، ئە تۆش پێت خۆش بوو وە رە... وە رە و بە چاوی خۆ ببینە کە هیچی تیا نییە.
منداڵ بە ترس و دڵە خورپە وە ڕاوە ستابوو... باوک پێی وت : کوڕم بڕوات بە باوکت نییە ؟
دیارە کە هە مە ...
دە جا کە وایە بۆ خۆت وە رە...
منداڵ چە ن هە نگاوێکی نایە پێشە وە .... پاشان ڕاوە ستا و وتی : باوە گیان من زۆر ئە ترسم...ئە تۆ بۆخۆت بچۆ . من هە ر لێرە ماتڵ ئە بم .
باوک وتی : وە رە ڕۆڵە مە ترسە .
منداڵ وتی : باوە گیان فرە ئە ترسم.
باوک بە تووڕە بییە وە ڕاوە ستا و وتی : ئاخر کوڕم کوا مرۆڤ دە بێ لە شتێ بترسێ کە فڕی بە سە ر حە قیقە تە وە نییە. ئە مە شتێکی زۆر خراپە ، زۆر زۆر خراپ .کوڕم ... گە ر لە گە ڵ من بێی ،بۆت دە ردە کە وێ ئە م چە شنە قسانە هە موودرۆ و دە ستکردن ، بە لاّم گە ر لە گە ڵم نە یە ی ، هە تا ماوی هە ر ئە م ترسە ت لە دڵ دە بێ.
منداڵ کە ڕاڕا و دوودڵ مابوو، بە دە نگێ هێواش وتی : گە ر لێرە بێت چی ؟...
کوڕم گە ر ئێرە شتێکی تیا بوایە من پێم نە دە گووتی؟...
دە گە ڵم وە رە ... تۆ دە بێ یان متمانە ت بە باوکت هە بێ یان نە خێر قسە کە ی باوکی موراد باوە ڕ بکە ی .
ئە تۆ بچۆ من هە ر لێرە ماتڵ دە بم .
باوک وتی : زۆر چاکە، هە ر چۆنت پێ خۆشە .

منداڵ كە دڵە خورپە و ترس ، هە موو گیانی داگرتبوو، هە ر وا چاوی لە هە نگاو نانی باوكی بوو.
كاتێ گە یشتە بە ردە م دیواری نیوە ڕووخاوی كە لاوە كۆنە كە ، پە ڕە سێلكە كانی ئە و ناوە كە لە نێو كە لاوە كۆنە كە دا هێلانە یان ساز كردبوو ، بە جووكە و جریوە جریو لە شە قە ی باڵانیان دا و ئە وێیان بە جێهێشت .
كابرا چووە نێو كە لاوە كە وە . منداڵ لە دووره وە چە ن هە نگاوێكی پشتا و پشت نا، وا حاڵێكی بە سە ردا زاڵ ببوو كە هە ر دە م دە تگووت گە رە كیە دە رچێ، كە چی چە مە ڕا مایە وە...
فره ی پێ نە چوو باوكی كوڕە لە پشت شووشە ی شكاوی دە لاقە ێیكە وە لێو بە خە ندە پێی وت : دە ی كوڕم . تارماییە كە ت لە كوێیە .
منداڵ هە ندێ ترسە كە ی شكا و هێدی هێدی ئۆقره ی هاتێ .
باوك بە دە نگێ بە رز وتی : دیسانیش هە ر دە ترسی كوڕم ؟
منداڵ كە دە یە ویست ترسە كە لە كۆڵ خۆی بكاتە وە ، بە رە و كە لاوە كۆنە كە چوو ، باوك دە م بە خە ندە ، چاوێكی بڕییە كوڕە ی ، ئە و دە مە ی لە بە ر دە م شووشە ی شكاوی دە لاقە كە دا ڕاوە ستا، باوك وتی : كوڕم ئە و ساتانە ی لێرە یاری و گە مە تان دە كرد، چوونكە بیرتان لە تارمایی و ئە و جۆرە شتانە نە دە كردە وە ، ترسێكیشتان لە دڵا نە بوو، تێر و پڕیش پێكە وە یاری و كایە تان دە كرد... بە ڵام لە و دە مە وە ی كە باوكی موراد ترسی شتێكی خستۆتە دڵتانە وە كە فڕیشی بە سە ر حە قیقە تە وە نییە ، ترسە كە ی ئێوە ش دە ستی پێكردووە، دە ئاخر كوڕم كوا مرۆڤ لە شتێ دە ترسێ كە حە قیقە تی نییە؟
باوك لە كە لاوە كۆنە كە وە دە ر كە وت، كوڕە ی لە باوە ش كرد و پێكە وە چوونە نێو كە لاوە كە وە ، هە موو سووچ و قوژبنێكی چاك گە ڕان. منداڵ لە باوە شی باوكی دابە زی و لە حاڵێكدا دە ستی لە نێو دە ستی باوكیا بوو، بە رە و لای دە لاقە ی كە لاوە كە چوو. نیگای كوڕە ئە وجا زاتێكی تێ زابوو و هە تا دە هات زێتر ترسە كە ی ئە شكا .
لە پڕێك بە دە نگێ بە رز وتی : موراد... موراد...
منداڵ دە یە ویست زات و بوێرییە كە ی خۆ ، بخاتە دڵی مورادیشە وە .

وە رگێڕ بۆ فارسی : دوكتۆر ئیره ج نە وبە خت